ئەو فەرمانبەرانەی هەرێمی تەمەنی یاساییان تەواو کردووخاوەنی شەهیدن پێویستە فەرم پڕ بکەنەوە

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو فەرمانبەرانەی تەمەنی یاساییان تەواو کردوە، بەناو خاوەنی شەهیدی پلە یەك و پلە دون، بە بەردەوام بون لە کارکانیان، پێویستە فەرم پڕ بکەنەوە.

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم، ئەمە چوارشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی 2014 و ئاماژە بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (191) لە ڕێکەوتی15ی ئەم مانگە درچوە هاتوە ئەو فەرمانبەرانەی تەمەنی یاساییان تەواو کردوە و بەناو خاوەنی شەهیدی پلە یەك و پلە دون بە بەردەوام بون پێویستە فەرم پڕ بکەنەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە لە ڕۆژی چوارشەممەوە ڕێککەوتی 22ی ئەم مانگەوە تا کاتژمێر 2:00ی ڕۆژی پێنجشەممە 23ی ئەم مانگە، واتە ئەمە و سبەی ئەم فەمەی پڕ بکەنەوە تا داتاکانیان ڕەوانەی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ بکرێت، بە ئەنجامدانی کاری پێویست و بەردەوام بونیان لەخزمەت.

ئەوە لەکاتێکدا مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 15ی ئەم مانگە

بۆیاریدا، تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەران لە 63 ساڵەوە بۆ 60 ساڵ کەمبکرێتەوە و خانەنشینی ئارەزومەندانەش لەبری 15 ساڵ بکرێت بە 25 ساڵی خزمەتکردن.